# بگەڕێووە

★ کاوەی خەسرەوکاوانی ★

بگەڕێووە ئێستا لە هەموو کات زیاتر
رۆحم پێویستی بە تۆیە,
واتێ نەگەی ئومێدی من
وەلآتێکی قات و قڕە و
ئاراستەی رووی لە دابەزینی ئاسۆیە,
بگەڕێووە کانی یەکانی دلّم هەمووی
ئافزێمێکن چاوەڕوانن تۆبێیتەوە
ئەوسا یەك یەکە بتەقن و
ئەم وەرزە زستانەسڕەم
بکەنە جوانترین بەهار,
هەورەکانی بەرزایی ئاسمانی تەمەن
خۆیان ئامادەکردووە
داببارن و بیشۆنەوە خەم و ئازار,
بگەڕێووە رێگای گەڕانەوەت هەمووی
بە گولآوی رۆحی ماندووم دەپرژێنم ,
بگەڕێووە لەم پاییزە گەلآرێزانە رووزەردە
جوانترین گولّی بەهارت لەبۆدێنم
2007/9/5

ئافزێم :کانی و سەرچاوەیەك کە ووشك بکات بە تایبەتی لە هاوینان